# پلەکانی خەڵکی باوەڕدار لە نوێژدا

[ بە کوردی ]

# مراتب الناس في الصلاة

[ باللغة الكوردية ]

نوسینی : حاجی ئومێد چروستانی

المؤلف : حاج أوميد جروستاني

پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز

المراجعة: بشتيوان صابر عزيز

نوسینگەی ( ڕەبوەی ) هەرەوەزیی بۆ بانگەواز و وشیارکردنەوەی ڕەوەندەکان لە شاری ڕیاز

المكتب التعاوني للدعوة وتوعية الجاليات بالربوة بمدينة الرياض

**2008 -1429**

islamhouse.com

# پلەکانی خەڵکی باوەڕدار لە نوێژدا

إبن القيم الجوزی ( ڕەحمەتی خوای لێ بێت ) لەبارەی پلەکانی خەڵکی باوەڕدار لەنوێژدا دەفەرموێت : خەڵکی لەم ڕووەوەدەکرێن بەپێنج کۆمەڵەوە:

کۆمەڵی یەکەم : ئەو جۆرەکەسانەن کەزوڵم و ستەم لەخۆیان دەکەن و کەمتەرخەمی دەکەن لەنوێژەکانیاندا، ئەویش بەوەی کەکەمو کوری دەکەن لەدەست نوێژەکانیان و لەکاتی دیاری کراوی خۆیدا بەئەنجامی ناگەیەنن و ڕوکنی نوێژەکانیان وەك خۆی جێ بەجێ ناکەن ، سنوورەکانی پێشێل دەکەن .

واتە: ئەم جۆرەکەسانەنوێژەکانیان زۆر بەلاوەگرنگ نیە، بەشێوەیەك نوێژ نەبوەتەخولیای سەریان و کارا نیەلەژیانیاندا ئەگەر جار جارەش ئەنجامی نەدەن گوێی پێ نادەن، وەهەروەها دەست نوێژەکانیان بەناتەواوی دەگرن یان خۆیان پاك ناکەنەوەلەهەموو جۆرەپیسایی و بێ نوێژیەك ، لەگەڵ ئەوەشدا زۆر جار لەدوایی کاتی دیاری کراوی خۆی بەلەشێکی تێکشکاوەوەهەڵدەستن بۆ کردنی نوێژەکانیان ئەویش بەشێوەیك ئەنجامی دەدەن زۆرێك لەڕوکنەکانی وەك ئەوەی لەسوننەتی پێغەمبەری خوادا ( درودی خوای لەسەر بێت ) دیاری کراوەبەئەنجامی ناگەیەنن، جا ئەم کۆمەڵە نوێژ کردن لەهیچ جۆرەخراپەیەکیان ناگەڕێنێتەوەچونکەنوێژێك خاوەنەکەی لەخراپەدەگێڕێتەوەکەبزانێت لەگەڵ پەروەردگاری خۆیدا موناجات دەکات و ئاگای لەووتەو گوفتاری ناو نوێژەکەی بێت کەچی تیادا دەڵێت .

کۆمەڵی دووەم : ئەوانەن کەپارێزگاری دەکەن لەکاتی دیاری کراو و سنووری نوێژەکانیان ، وەڕوکنەزاهرەکانی جێبەجێ دەکەن ودەست نوێژی بۆ هەڵدەگرن ، بەڵام هەوڵنادەن کەبەرەنگاری دەروونی خۆیان ببنەوەبۆ ئەوەی تووشی وەسوەسەو دڵەڕاوکێ نەبن لەنوێژەکانیاندا ،سەرەنجام لەو کەسانەن کەهەمیشەداڵغەلێدەدەن و هۆش و بیریان نامێنێت بەلای نوێژەکانیانەوە.

واتە ئەم جۆرەکەسانەخەمی ووتارو گوفتاری ناو نوێژەکانیان نیە، بەشێوەیەك تەنها بەجەستەیان لەناو نوێژدان ،ئەگینا بەخەیاڵ و هۆشیان لەشوێن وجێگای ترن، ڕاستەئەم کۆمەڵەبەزاهری لەکۆمەڵی یەکەم باشترن چونکەکەمتەرخەمی ناکەن لەخۆپاك ڕاگرتن و دەست نوێژ بەجوانی هەڵگرتن و ئەنجامدانی ڕوکنەکانی نوێژ وەك خۆی ، بەڵام ئەم کۆمەڵەش لەو خاڵەدا لەگەڵ کۆمەڵی یەکەم یەك دەگرنەوە

کەهەردولایان لەووتار گوفتاری ناو نوێژەکانیان بێ ئاگان بەشێوەیەك نازانن کەلەگەڵ خودای خۆیان ڕاوەستاون و گفتوگۆ و موناجاتی لەگەڵ دەکەن .

جا خوشك برای بەڕێز و خۆشەویستم زۆر ئاگاداری نوێژەکەت بە

هەوڵبدەشەیتانی نەفرین لێ کراو وەسوەسەت بۆ دروست نەکات و مادام تۆ خۆت ئامادەکردووەبەجوانترین شێوەو لەکاتی دیاری کراوی خۆیدا نوێژەکانت ئەنجام دەدەیت زۆریش لەخۆت بکەئەو چەند خولەکەی لەناو نوێژدایت خەیاڵ و فکرت نەچێت بەئەملاولادا و لەناو نوێژدا سەرقاڵی کڕین و فرۆشتن  و کاری دونیای مەبەتاوەکو نوێژەکەت لەو نوێژانەبێت کەپەروەدگار لەبارەیانەوەدەفەرموێت :  { إِنَّ الصَّلَاةَ تَنْهَى عَنِ الْفَحْشَاءِ وَالْمُنْكَرِ } (العنكبوت: من الآية 45) واتە : نوێژ کردن و ئەنجامدانی بەڕاست و دروستی مرۆڤ لەخراپەو خراپەکاری دەگێڕێتەوە.

کۆمەڵی سێهەم :      ئەم کۆمەڵەئەوانەن کەپاریزگاری لەسنورو ڕوکنەکانی نوێژدەکەن وبەرنگاری دەرونی خۆیان دبنەوەلەدژایەتی کردن لەگەڵ شەیتان وکردەوەکانی وەئەوان سەرقاڵن بەدژایەتی لەگەڵ شەیتان بۆ ئەوەی نوێژەکانیان لێ نەدزێ وەلەهەمان کاتدا ئەوانەنوێژدەکەن و وەبەرەنگاری شەیتانیش دەبنەوە.

واتە: ئەم کۆمەڵەهەمیشەشەیتان لەهەوڵدایەبۆ ئەوەی وەسوەسەیان بۆ

دروست بکات و لەواتاو مانای نوێژەکانیان لایان بدات و هۆش و بیریان نەمێنێت بەلای نوێژەکانیانەوەبۆ ئەوەی نوێژێکی بێ گیان و بێ ناوەڕۆك دەرچێت و کارگەریەکی ئەوتۆی نەبێت لەژیانی ڕۆژانەیاندا ، بەڵام چونکەئەم کەسانەخۆشەویستی دونیا وای لێ نەکردون کەنوێژەکانیان لێ تێك بدات ، شەیتانیش ناتوانێت لەخشتەیان بەرێت و تووشی وەسەسەیان بکات و نوێژەکانیان لێ بدزێت ، ئەم کۆمەڵەدوو ئەرکی گەورەئەنجام دەدەن لەلایەك زۆر ئاگاداری نوێژەکانیانن هۆشیان بەلای ماناکەیانەوەیەدەزانن کەلەگەڵ خوای گەورەو باڵادەست دا وتوو وێژ و موناجات دەکەن ، لەلایەکی تریشەوەبەرەنگاری شەیتان بوونەتەوەنەوەك نوێژەکانیان لێ بدزێت و خەیاڵ و بیر و فکریان بەرێت بەلایەکی تردا .

جا دەبێت مرۆڤی موسڵمان و خاوەن هۆش لایەنی کەم هەوڵ بدات لەم

کۆمەڵەیەبێت ، و ڕازی نەبێت لەکۆمەڵی یەکەم و دووەم بێت چونکەئەو دوو کۆمەڵەنوێژەکانیان هیچ کاریگەریەکی نی یە لەژیانی ڕۆژانەیاندا  و نایانگەڕێنێتەوەلەخراپەو خراپەکاری .

کۆمەڵی چوارەم : ئەو کەسانەن کاتێك هەڵدەستن بۆ نوێژەکانیان بەتەواوی ماف و سنوورەکانی دەپارێزن و ، دڵەکانیان پڕ دەبێت لەخۆشەویستی خودا و خۆشەویستی نوێژەکانیان تاوەکو هیچ شتێکیان لەنوێژەکانیان لەکیس نەچێت، نەك هەر ئەوەندەبگرەهەموو فکرو هۆشیان لای ئەوەیەکەبەجوانترین شێوەو بەئەو پەڕی تەواوی

و کامڵی یەوەنوێژەکانیان ئەنجام بدەن بۆ خوای گەورە، ئەم باوەڕدارانەدڵ و دەرونیان هێندەپابەندەبەنوێژەکانیانەوەلەئاستێکدان بەندایەتی پەروەردگاری باڵادەستیان لەنوێژەکانیاندا لەسەروو هەموو شتێکەبەلایانەوە.

گومانی تێدا نیە ئەم جۆرەباوەڕدارانەلەکۆمەڵی سێهەم باشترن لای خوای گەورەچونکەباوەڕیان لەئاستێکدایەکەشەیتان ناتوانێت زەفەریان پێ بەرێت و وەسوەسەیان بۆ دروست بکات ، چونکەخۆشەویستی خوای باڵادەستیان لەهەموو شتێك بەلاوەگرنگترەو نایگۆڕنەوەبەهیچ شتێك و ساتێك خودا پەرستی و بەندایەتی پەروەردگاریان نادەن بەهەموو دونیا .

کۆمەڵی پێنجەم : ئەم کەسانەئەوانەن کاتێك بانگ دەدا و هەڵدەستن بۆ نوێژ کردن بەڕاستی دەزانن کەبۆچی هەڵدەسن، دەزانن کەخودای گەورەبانگیان دەکات بۆ بەندایەتی و پەرستنی خۆی لەبەر ئەوەبەهەموو شێوەیەك خۆیان ئامادەدەکەن بۆ موناجات کردن لەگەڵ خوادا، نەك هەر ئەوەندە بەڵکو کاتێك نوێژەکانیان ئەنجام دەدەن دڵیان دەخەنە بەردەستەکانی خوای گەورەو بەدڵیان تەماشای پەروەردگاریان دەکەن ، و بەهەموو شێوەیەك چاودێری دڵەکانیان دەکەن ، لەگەڵ ئەوپەڕی خۆشەویستیان بۆ پەروەردگاری باڵادەستیان ، بەشێوەیەك بەندایەتی ونوێژەکانیان ئەنجام دەدەن وەك ئەوەی پەروەردگاریان ببینن ، خۆ بێگومان ئەگەر ئەوان ئەو نەبینن پەروەردگار بێگومان ئەوان دەبینێت، هەر ئەم هێزی ئیمان خۆشەویستی یەبۆ پەروەردگار وادەکات وەسوەسەو هەنگاوەکانی شەیتان خۆیان ناگرن و هەڵدێن ، بەجۆرێك نوێژ و خۆشەویستیان بۆ خوای گەورەبەلایانەوەلەهەموو شتێك گرنگترەو نایگۆڕنەوەبەموڵکی نێوان ئاسمان و زەوی ، چونکەئەم ئیماندارانەنوێژ و خوا پەرستیەکەیان سەرقاڵی کردوون و ڕووناکی دیدەو چاوەکانیان لەنوێژدا دەبیننەوە.

ئەم پلەیەش لەئیمان و بەندایەتی، ئیمانی پێغەمبەران و ڕاستگۆیان و بەندەساڵحەکانی خوای گەورەیە، هەموو کەس بەئاسانی ناتوانێت بگات پێ ێ جگەبەهەوڵ و تێکۆشان و لێبڕانێکی زۆر نەبێت .

إبن القیم الجوزي ( ڕەحمەتی خوای لێ بێت ) لەکۆتایدا دەڵێت : کۆمەڵی یەکەم خوای گەورەسزایان دەدات ، کۆمەڵی دووەم پەروەردگار موحاسبەیان دەکات لەسەر کەم و کوورتیان ، کۆمەڵی سێهەم پەروەردگار لێیان خۆش دەبێت، و کۆمەڵی چوارەمیش پاداشتیان بەچاکەدەداتەوەو کۆمەڵی پێنجەمیش لەکەسەنزیکەکان دەبن لەپەروەردگاریانەوەچونکەئەو کەسانەبەشیان لەبەشی ئەو کەسانەدایەکەڕووناکی دیدەو چاوەکانیان لەنوێژەکانیاندا بینیوەتەوە، هەرکەسیش سیفاتی ئاوا بێت دیدەو چاوەکانی ڕووناك دەبنەوەبەبینینی پەروەردگاریان لەپاشەڕۆژدا ، هەرکەسەش خۆشەویستی خودای وای لێ بکات بێگومان هەموو کەسیش بەبینینی ئەو دڵ خۆش و خۆشنوود دەبن ، وەخودا پەنا بدات هەرکەس بەخۆشەویستی خودا نوێژەکانی

دیدەو چاو ڕووناك نەبێت ، ئەوا دەروون و نەفسی پابەندەبەخۆشەویستی لەڕادەبەردی دونیاوەو خەسارۆمەندی بەشیەتی .

پێغەمبەری ئازیزیشمان لەفەرموودەیەکیدا دەفەرموێت : (( إن منكم من يصلي الصلاة فلا تُكتب له من صلاته إلا ثلثها أو ربعها أو خمسها أو سدسها حتى ذكر عُشرها )) .ئەم فەرموودەیەئەبو داود و نەسائی و ئیبن حبان ڕیوایەتیان کردوەلەفەرموودەیەکەوەکەعەماری کوری یاسر لەپێغەمبەرەوەگێراویەتیەوە.

واتە: هەندێك لەئێوەکەنوێژ دەکەن هیچ لەپاداشتی ئەو نوێژەی بۆ نانوسرێت جگەلەسێ یەکی نوێژەکەی نەبێت ، وەهەندێکی تر تەنها چوار یەکی خێری بۆ دەنوسرێت، هەندێکی ترتان پێنج یەك و هەندێکی ترتان شەش یەك ، تا ئەوەندەپێغەمبەر ( درودی خوای لەسەر بێت ) لەسەر باس کرد تا گەشتەدەیەکی خێری نوێژەکە، واتەلەدەبەشی پاداشت و خێر و چاکەی ئەو نوێژەئەو کەسنانەلەبەر بێ ئاگایی و غافڵ بوونیان لەنوێژەکانیان تەنها یەك بەش لەچاکەو پادشتیان بۆ دەنوسرێت .

لەکۆتایدا داواکارین لەخوای گەورە بمان گێڕێت لەکۆمەڵی پێنجەم و یارمەتیمان بدات کەبتوانین بەرەنگاری وەسوەسەو هەنگاوەکانی شەیتانی نەفرین لێکراو ببینەوەلەنوێژەکانمان و سەرجەم ژیانی ڕۆژانەماندا ( آمين يارب العالمين ) .

وصلى الله وسلم على سيدنا محمد وعلى آله وصحبه وسلم

وآخر دعوانا أن الحمد لله رب العالمين

والسلام عليكم و رحمة الله وبركاته .